یەکێتی ئەوروپا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی تیرۆرەوە

یەکێتی ئەوروپا، ئەمڕۆ پێنجشەممە، سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکان.

ئاوێنە: کایا کالاس، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، رایگەیاند، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتییەکە، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەدا، سوپای پاسدارانی ئێرانیان خستە نێو لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکان.

کایا کالاس لە پەیامێکدا لە تۆی کۆمەڵایەتی ئێکس وتی، سەرکوتکاری ناکرێت بێ وەڵام بێت.

بەرلەوەش یەکێتی ئەوروپا لە بەرامبەر سەرکوتکارکردنی خۆناوی خۆپیشاندەرانی ئێرانیدا، سزای نوێی بەسەر ژمارەیەك لە بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتەدا سەپاند لەنێویاندا وەزیرێکی دەوڵەتی ئێران و داواکاری گشتی ئەو وڵاتەو دادوەری دادگای شۆش لە تاران.

ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا لە راگەیەندراوێکدا هەمای بێ ئەوەی کردبو کە ئەو سێ کەسە لە سەرکەوتکردنی توندوتیژانەی ناەزایەتییەکانی ئێران و دەستگیرکردنی هەڵەمەکییانەی چالاکانی سیاسی و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤدا لە ئێران، دەستیان هەبوە.